# فەرهەنگ

**گۆشەی ناساندن: جێمس چینی ئامادەی دەکات**

## هارۆکی مۆراکامی



(هارۆکی مۆراکامی) ڕۆماننوسێکی ژاپۆنییە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری (کوبی)دا لەدایک بووە، لەشاری (تۆکیۆ)دا خوێندویەتی، دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆی، یانەیەکی مۆسیقای جازی بەناوی ( پیتەر کات ) دامەزراندوە، تا ئەوکاتەی لەبواری ئەدەبی سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە یانەکە بەردەوام بوو .

یەکەم ڕۆمانی بە ناوی [گوێبیستی گۆرانییەکانی (با) بە] لە ساڵی ١٩٧٩دا بە چاپ گەیاند، دواتر بە چەندین ڕۆمانی بە پێز لە نوسین بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی ژمارەی ڕۆمانەکانی گەیشتە ١٢ ڕۆمان کە دیارترینیان ڕۆمانەکانی (دارستانی نەرویجی) و (سەمابکە، سەمابکە، سەمابکە) و ( هەڵاتنی بزنە کێوی) و (کافکا لە کەنار دەریادا) و (دوای تاریکی)ـە، تا ئێستا کۆی کتێبەکانی گەیشتونەتە ٣٠ کتێب کە بۆ ٣٨ زمانی جیهانی وەرگێڕدراون و ڕۆمانی (دارستانی نەرویجی) کە لە ساڵی ١٩٨٧دا چاپکرا ٤ ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا .

لە شوباتی ساڵی ١٩٩٥دا بومەلەرزە لە شاری (کوبی)دا هەروەها دوای مانگێک هێڵی میترۆی (تۆکیۆ) هێرشێکی بە گازی خنکێنەر کرایە سەر، ئەم ڕوداوانە وایان لە مۆراکامی کرد دوای ١٠ ساڵ ژیان تێیدا ئەمەریکا جێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە ژاپۆن . دواتر لە بارەی ئەم دوو ڕووداوە کۆمەڵێک چیرۆکی نووسی کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا بە ناونیشانی (هەموو بوونەوەرانی خودا سەمادەکەن) بڵاوکردەوە .

چەند خەڵاتێکی وێژەیی بەدەست هێناوە، دواترینیان خەڵاتی ( فرانز کافکا) بوو، کاری وانەبێژی لە زانکۆی برنستۆن وپەیمانگەی ماساشوستسی تەکنیکی لە ئەمەریکا کردووە.

کارە وێژەییەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی ژاپۆن جێگای مشتومڕن، ڕەخنەگرە یابانییەکان بە ڕۆماننوسێکی دادەنێن کە ڕۆمانەکانی زیاتر بۆ خوێنەری بیانییە نەک ژاپۆنی، چونکە ژمارەی زۆری خوێنەرەکانی بیانین، بە پێچەوانەی نووسەر ( ڕایۆ مۆڕاکامی) کە ژمارەی زۆری خوێنەرەکەی ژاپۆنین و لە جیهانی دەرەوە ناوبانگێکی ئەوتۆی نییە.

## کتێبخانەی کوردی لە شاری ستۆکهۆڵم

**دیمانە: ڕێواس جاف**

**کتێبخانەی کوردی دەزگایەکی بێلایەنە و بە هیچ لایەنەکی سیاسی یان ئایینییەوە نەبەستراوەتەوە. ئازادیی بیر و باوەڕ و مافی دەربڕین بە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ دادەنێت. کتێبخانە لە ١٠-ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧ دامەزراوە.**



کتێبخانەی کوردی هەموو بەرهەمێکی نووسراو وەک کتێب و گۆڤار و ڕاپۆرت و گوتار و بەڵگە و نامیلکە و داخویانی و پۆستەر و هتد. کە بە کوردین یان لە سەر کورد و کوردستان نووسراون کۆ دەکاتەوە و دەیانپارازێت و بەردەستیان دەکات.

ئامانجی سەرەکی کتێخانەی کوردی ئەوەیە کە گەنجینەی کولتوری کوردی لە فەوتان و قەدەغەکردن و سانسۆرکردن و شاردنەوە ڕزگار بکات و بۆ هەموو کەسێک لە جیهاندا سەربەست و بەردەست بکات.

بۆ زیاتر ناساندنی خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر ئەم دیمانەمان لەگەڵ نەوزاد هیرۆری کە بەرپرسیاری یەکەمی ئەم کتێبخانەیە سازکرد.

* کێن ئەوانەی سەردانی کتێبخانەکەتان دەکەن؟ ئایا کتێب بە قەرز دەدەن؟

* دیارە بەشێکی زۆریان کوردن، بەڵام لە نەتەوەکانی تریش سەردانی کتێبخانەکەمان دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە بەدوای سەرچاوەدا دەگەڕێن کە لەسەر کوردستان بێت. سەبارەت بە قەرزکردنی کتێبەکانمان، هەموو کەسێ دەتوانێ کتێب بە قەرز لە کتێبخانە وەربگریت. کتێبی یەک نوسخەیی , کتێبی سەرچاوەیی , فەرهەنگ , گۆڤار , بەڵگە و وێنە بە قەرز نادرێن. بەڵام دەتوانێ لە کتێبخانە بینانبینی و بیانخوێنیتەوە.

* جگە لە کتێب چ بەرهەمێکی تر لە کتێبخانەکە بەدەست دەکەوێت؟

** ژمارەیەکی زۆری ئەو وتارانەی کە بە زمانی کوردین و لە سەر کورد و کوردستان نووسراون لەم بەشە دا هەن. هەموو هەواڵ و چاوپێکەوتنەکان و ئەو زنجیرەگوتار و شرۆڤەکردنانەی کە سەبارەت بە کورد و کوردستان بە زمانانی جیاواز نووسراون و دەرچوون لە بەشی "کورد لە چاپەمەنی دا" دەپارێزرێن. نووسراوە و بەڵگەی پارت و ڕێکخراوە کوردەییەکان و ئەوانی پەیوەندیان بە کورد و کوردستانەوە هەیە کۆ دەکرێنەوە. هەروا پۆستەر و ئەفیش و کورتە زانیاری و بەڵگە و بانگەواز و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی و دەستنووس و ژینەنیگار و نامە و بەرنامەکانی کۆبوونەوە و کۆنفرانس و فیستیڤاڵ و هتد، لەبەشی ئەرشیفدا دەپارێزرێن. جگە لەمانەش وێنەی وێنەگری سویدی وەک ئێلین کلاسۆن و تۆرد والستریم و جۆرج کریستیانسن و هتد، کە پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەیە لە کتێبخانەی کوردیدا هەن. هەروەها ژمارەیەک لە کارت و نەخشە و کاریکاتور لە کتێبخانە دا کۆ کراونەتەوە.

* بەچەند زمان کتێب لە کتێبخانەکەدا پارێزراوە؟

** زۆربەی کتێبەکانمان بە زمانی کوردی و زاراوە جیاوازەکانن. بەڵام ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەیە، بە زمانەکانی ترن. بە ٢١ زمان کتێبمان لە سەر کورد و کوردستان هەیە. زیاتر لە دە هەزار کتێبمان هەیە. ئەم ژمارەیەش بەردەوام لە زیادبووندایە.

* کێ لێپرسراوە بەرامبەر بە دابینکردنی بودجەی کتێبجانە؟

** دەوڵەتی سوێد و شارەوانی ستۆکهۆڵم ئەو بودجەیە دابین دەکەن. ئێستا دوو کەس کاری تەواو و کەسێ نیوکار دەکات. لە ڕاستیشدا بودجەی ئەمسالیشمان لە ساڵانی تر کەمترە. ئەویش دیارە پەیوەندی بە قەیرانی ئابوورییەوە هەیە.

* بە چ شێوەیەک کتێبەکانتان بەردەست دەکەوێت؟

** بەشێکی زۆری دەکڕین و هەندێکیشمان بە دیاری لە نووسەرانەوە بۆ دێت.

* ئایا هیچ هاریکارییەک لەگەڵ دامودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان دەکەن؟

** تەنیا لەگەڵ کتێبخانەی گشتی سلێمانی هاوکاری یەکتری بۆ گۆڕینەوەی زانیاری دەکەین. بەهیوام لە داهاتوودا بتوانیین هاریکاری زیاتر لەگەڵ هەموو دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لەکوردستاندا بکەین.



* ئایا چالاکی کولتووری سازدەکەن؟

** کتێبخانەی کوردی سیمینار و پیشانگا و کۆڕی ناساندنی کتێب و چالاکی منداڵان ساز دەکات. ئەمساڵ مانگی جارێک چالاکیەکمان هەیە بۆ منداڵان ، تێیدا چیرۆک بۆ منداڵان دەخوێنرێتەوەو هەروا منداڵان لە ڕێگای یاری و جوڵانەوە فێری زۆر وشەی کوردی دەبن. هەموو کەسێک مافی بەشداربوونی لەم چالاکیانەدا هەیە. پیشانگای بچکۆلەی "کتێبی نوێ" بەردەوام هەیە. زۆر جاریش کۆڕ بۆ نووسەران دەکەین، بە تایبەتی گەر بەرهەمێکی تازەیان هەبێت.